# تەعریب کردنی کوردستان نەک ڕزگارکردنی

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de



نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ڕووبەڕوی دژوارترین و سەخت ترین شالآوی تەعریب و سڕینەوە پێناسەی نەتەوایەتیبووەتەوەو لەسەردەمی دروست بوونی شۆڤێنیەتی عەرەبیەوە بەهاوکاری  دوژمنانی دەرەکی کە مەبەستیانە نەتەوەیی کورد لەگەش و نمابخەن و هەڵوەشان و لێک ترازان و دووبەرەکی و لاوازبوون و لەچوارچێوەی جەهالەتێکدا بهێڵنەوە کە تەنها بەدەوری خۆیدا بسوڕێتەوە بەبێ ئەوەی ئاگایی لەدەوروبەری خۆیی بێت و تەنانەت هەستیشیان پێنەکات و بەکۆمەڵێک گرفت و کێشەی لاوەکیەوە هەمیشە سەرقاڵی بکەن , ئەمە سیاسەتێکە لەمێژەوە پەیڕەوی لەسەردەکرێ و هەمیشەش ئەوان براوەن ,ئەویش  لەدەرەنجامی خۆشباوەڕی و زوو هەڵخەڵەتاندنی و بێدەنگی و لاوازی و نەبوونی یەک بیروڕاو بۆچوەی ستراتیجیەکان کە بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بپارێزێ و نەبوونی پلان و کاری بەرنامەی ئایندەیی کە هەمان مەستیان هەبێت وایی کردووە دوژمنانی کورد زۆر بەئاسانی و بەبێ کێشە دەست دەخەنە نێوماڵی کوردەوە و ئەوەی بیانەوێ بەئەنجامی بگەێنن و زۆر جار کورد وکەسایەتی کورد ئەگەر لەدەرگایی سیاسەتەوە یان هونەرو ڕۆشنبیریەتەوە یان لایەنی ئابووری و دواتر دژایەتی ڕاستەوخۆیی دوژمنکارانەوە بێت ئەوە بەخۆمان زۆربەی وەخت هاوکارن وبەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین یا ئەگەر بەئاگاش بن ئەوە ئەو بەرژەوەندیە تاکەکەسیانە یان بەرژەوەندیە کۆمەڵیەکان ئەو ماوەیە نادەن کە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست  لە نەتەوەیی بیربکرێتەوە و تەنها ئەوەی دەیی بینین ئەو بەرژەوەندیانەن و ئەوەی بەلاشمانەوە گرنگ نەبێت بەرژەوەندیەکانی تری نەتەوەییە , ئەمە وەک ڕاستی کە هەندێ جار دەکەوێتە پشت پەردەیی کارو پڵان و ڕاگەیاندن و لێدوانەوە کە جەماوەرهەستیان پێناکات و بێ گومان بەئاشکراش کاریان لەسەرناکرێت .

دان نەنان بەو شێوە بیرو بۆچوونانە و هەمیشە بەڕاست زاینینی هەنگاوەکان وایان کردووە کە جەماوەر لەژیانێکی سواو بێسوود لاواز کە نەتوانێ ڕاووبۆچوونی بەڕاشکاوانە بدات کە هۆکارەکانیشی دەگرێنەوە سەر باری ژیان و ئەو پلان و شێوە گوزەرانەی  کەئەمڕۆ لەشێوە وولآتانی ئێمەدا پەیڕەویان لێوەدەکرێت .. کەسێک کە ژیان و گوزەرانی خۆیی و ماڵ و منداڵی بەدەست کەسێکی ترەوە بێت بێگومان ناتوانێ لەیاسا و ڕێسایی دەرچێت و ناچارە لەبەڵێ زیاتر هیچی دی نەڵێت و ئەگەر لەدڵیشەوە بێزاربێت . زۆر بابەت هەن کە پێویستیان بەوە هەیە بەبەردەوامی لێکۆلینەوەیان لەسەر بکرێت و هەمیشە جەماوەر بەئاگابهێنرێتەوە چونکە هەندێ گرفت و کێشە هەن تەنها تێپەڕبوون بەسەریاندا دەبنە گرفتێکی ئایندەیی و دواتر ناتوانین خۆمانیان لێ ڕزگاربکەین کە دەتوانین ڕۆژانە زۆر لەو گرفتانە دەشت نیشان بکەین بەشێوەیەک وایی لێهاتوو فریاناکەوین باسیان لێوەبکەین ئەوەندە هەڵەو گرفت و کێشەکان لەزیاد بووندان ڕۆشنبیران و خەم خۆرانی نەتەوەیی پێڕاناگەن . تازەترین بابەتی ئەمڕۆ لە دەرگایەتی ترسناکەوە بۆ ئێمەی کورد دەکرێتەوە ئەویش بیرۆکەی هێنانی ئاوارە فەلەستینیەکانە بۆ هەرێمی کوردستان .. کەواتە ئێمەی کورد بەدەستی خۆمان کوردستان عەریب دەکەینەوە بەڵآم بەشێوەیەکی نوێخوازانە و بەناوی مرۆڤایەتی و کۆمەک و دەستی یارمەتی بۆ چەوساوەو لێقەماوان وەک خەڵکی زۆر دەستی یارمەتی و هاوکاری و بەزەیی بۆ ئێمەی لێقەوماوو دەربەدەرو ئاوارە درێژ کردبێ .

وەڵآم بۆ ئەو پرسیارانەی کە دێنەئاراوە لەوانە بۆ دەبێ لەم شێوەهەنگاوانە بترسین ...؟

بۆ ئەمە بە کارێکی هەڵە و بەبنیاد نانی ڕەگی کێشەیەکی ئایندەیی بۆ کورد دەبینین ..؟

یەکەم ئێمەی کورد دەبوو لەسەرەتایی ڕوخانی ڕژێمەوە لەبری ئەوەی زیاتر بیرمان لەوە بکردایەتەوە خۆمان بەچەسپی دووقلی بەعێراقەوە ببەستینەوە زیاتر بیرمان لەوە بکرایەتەوە بەخۆماندا بچوونایەتەوە گرفتە ناخوخۆییەکانمان چارەسەربکردایە و بۆشایی و کەلێنەکانی خۆمانمان بگرتایە هەستی نەتەوایەتی و پێکەوە ژیان و برایەتی و دروست کردنەوەی متمانەی نێوان دەسەڵات و جەماوەر نێوان جەماوەرو لایەنەکان . دروست کردنی پلانی نەتەوەیی بۆ ئایندە دەبوو ئەو دەرگایەیی ئەمڕۆ والاکراوە لە عەرەب دابخرایە و کارمان لەناوماڵی خۆماندا بکردایە . گرفتی گەندەڵی چارەسەربکرایە و پڕۆژەو کارە خزمەتگوزاریەکان فراوان بکرانایە و هەموو کوردستانی بگرتایەتەوە بەبێ جیاوازی , بەهەڵە گەیشتن لەگرفتی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی ڕاستبکرایەتەوەوڕەگ و ریشەی پلانە سی و پێنج سالچیەکەی ڕژێم لەبن برڕبهێنرایەوگوزەرانی خۆمانمان لەو شێوە گوزەرانە ستۆکەی عەرەب ڕزگاربکردایە نەک خۆمانمانیان پێوە نوسێنینەوە , زۆرکاری تر هەبوون دەبوو گرنگی خۆیانیان هەبووایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەمڕۆ لەناو عێراق دا کراوە بەردەوامی خۆیی هەبووایە بەبێ کاریگەری لەسەر ناخۆیی هەرێمی کوردستان چونکە ئەوە نەدەبووە ڕێگر لەکارەکانی ناخۆمان ..

ئێمە داوایی کۆتایی هێنان بەتەعریب لەو ناوچانەی کە ڕژێمی بەعسی کردوویەتی بەڵام خۆمان ئەو ناوچانەی کە ڕژێم بۆیی نەکراوە وا بەدەستی خۆمان تەعریبیان دەکەین عەرەبیان بۆ دێنین کە ئایندە دەبنە گرفت و ناتوانین خۆمانیان لێ ڕزگاربکەین .

ئەمە نەک تەنها ئەو فەلەستینیانە بەڵکو ئەو عەرەبە عێراقیانەی ئەمڕۆ بەناو ڕاکردن لەشەڕی تایفەگەری ئەوانەش جۆرها گرفتی ئەنوکەی کۆمەلایەتیان بۆ دروست کردن و هەزارەها شێوە کلتور کە کورد پێیان نامۆیە ئەمڕۆ بۆ مان دێنن لە لەشفرۆش و نەخۆشی ئایدز و زۆربوونی دەستی کارکەر کە خۆمان لاوەکانمان بێ کاردەسوڕێنەوە و کاریان نیە , بەڵام ئەوان دەست بەسەر دەستی کارکەردا دەگرن ئەگەر ئەمڕۆ نەبێت ئەوە بێگومان سبەی دەکرێت .

ئەو عەرەبە فەلەستینیانە ماوەیەکی زۆرە لەعێراق دا دەژین و بەشێوەیەک تێکەڵ بە کۆمەڵگای عێراقی بوون لەهەموو بوارەکاندا و بەتایبەت لەڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری یەوە .. ئەمانە ئەمڕۆ لەشەڕێکی تایفەگەری نێوان عەرەبەکان خۆیاندا تووشی گرفت بوون بۆ دەبێ بیر لە کوردستان بکرێتەوە تارزگاربکرێن ....؟

بەهێنانی ئەوانە بۆ کوردستان و نیشتەجێ بوونیان کە دیار نیە چەند دەخایەنێ و لەوانە ببێتە دوانیشتەجێ بوونیان و بۆ ئایندەیەک ئەوانیش بڵێن ئەمە وولاتی ئێمەیە و باوباپیرانمان لێرەدا ژیاوون وەک ئەوانەی کەرکوک . ئەوانەی کەرکوک بەدەستی دوژمنان بووە بەڵام ئەمانە بەدەستی خۆمان دەبێ .. بەجۆرێک سەرمان نائێشێ بەڵام سەرێشە بۆ خۆمان دروست دەکەین ..

ئەمانەش دوایی ئەو نیشتە جێبوونەپێمان خۆش بێت یان ناخۆش تێگەڵ بەکۆمەڵگای کوردەوریمان دەبن منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان و پیاو ژنەکاینان لە شوێنی کارو و لەبازارەکاندا بەجۆرێک پێگەی خۆیان دادەکوتن و لەبن هاتنی دەبێتە کارێکی گران و دەبێتە گرفت بۆ نەوەکانی داهاتوومان و کێشەیەکی نەتەوەیی نوێ بۆ خۆمان دروست دەکەین .

دواتر ئێمەی کورد ئەوەندەی بەدرێژایی مێژوو خەممان بۆ کێشەی فەلەستین خواردووە ئەوەندە خەمی خۆمانمان نەبووە ئەوەندەی هەڵوێستمان هەبووە بۆیان دەوڵەتە عەرەبیەکانی خۆیان ئەو هەڵوێستانەیان بۆیان نەبووە, ئەوەندەی ئێمە ناومان بردوون کێشەکەیانمان بەڕەوازانیوە . بەڵام ئەوانە بەپێچەوانەوە هیچ کات کێشەی ئێمەیان بەڕەوانەزانیوە باسیان لێوەنەکرد ئەگەر باسیشیان کردبێ بەخراپ و نابەجێ باسیان لێوەکردووە دواترینیان سەرۆکی حکومەتەکەیان چۆن پێناسەی پێشمەرگەی

بەچەتەو پیاو کوژ دەکرد و چۆن لەکێشەی کورد دەدوا , ئەوانە هەمیشە کورد بەدارو دەستەو پیاوی ئیسرائیل و ئەمریکا ناودەبەن و هەمیشەش کورد لەناوچەکە وەک ئیسرائیلی دووەم دەبین .

ئێمەی کورد فێرین ئەوەی فیشەکمان پێوەبنێ ئێمە گوڵبارانی دەکەین و ماچی بۆ دەنێرین .

پێویستە سەرکردایەتی سیاسی لەبری ئەوەی لەڕوانگەی بەرژەوندی و دەستکەوتی سیاسی و ئابووری و ئیداریەوە لەعێراقدا سەیری مەسەلە کەبکات دەبێ لەبەرژەوەندی نەتەوەی و نیشتمانی کوردییەوە لەترسناکی ئەو بابەتەوە بڕوانێ و پێش ئەوەی هیچ بڕیارێک وەربگیرێت بگەڕێنەوە بۆ ڕایی جەماوەرو ئەو کات ئەوەی بۆ کورد بەرژەوەندیە ئەوە بکرێت ..